# یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

YAKSANY No. (51) JAN, PAPER OF INDEPENDENT WOMEN ORGANIZATION

ژمارە (٥١) کانونی(٢) / ٢٠٠٢


**بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو!**

## ساڵی نوێتان پیرۆز بێت

## مانەوەی یاساکانی ئەحوالشەخسی ڕژێم لە کوردستان هۆکاری درێژەکێشانی جەنگی ناموسپەرستی‌یە دژی ژنان!

ژنانی کوردستان بەهۆی نەبوونی قانونێکی مەدەنی و یەکسانی ژن و پیاو لە هەل و مەرجێکی نا ئارام و کۆلەمەرگی ژیان بە سەر دەبەن هەموو مافێکی ئینسانیان لێسەندراوەتەوەو هەر لەمافی بریاردان دیارکردنی چارەنووسی تایبەت بە خۆی و هەلبژاردنی هاوسەرو....ئەمەش بە هۆی یاسای ژەنگاوی کۆنەپەرستی سەردەمی بەعس کە تا ئێستاله کوردستان وەك مۆتکە بە سەر سەری ژنان راگیراوە بێ مافی و ژێردەستەیی ژنان پێ لە قالب دەدرێت رۆژانە کونج کەلبەری ماڵەکان بۆتە زیندانێکی گەورەی ژنان ماف و ئارەزوو داخوازیەکانی تیا پێشێل دەکرێت بە ئینسانی پلەدووو کەم ئەقل سەیر دەکرێن، ژنان توانا وبەرگە گرتنی هەموو ئەو ئیهانە و سووکاتی‌یان نامێنێت و پەتی تەحەمولی کۆیلایەتی دەپچرن بە نزیکترین کەرەستەی بەردەستی‌ئەویش شقارتە و نەوتە جەستەی خۆی بە خۆڵە مێش دەکات و کۆتایی بە گیانی خۆی‌هێنێت • ژنانی کوردستان بەسووتاندنی جەستەیان جەنگێکیان لە دژی ئەو دەسەلاتەی کەپارێزەری ئەو قانونە دژە ژنانەیە بەر پاکردووە نەفرەت و نارەزایەیی بەرامبەر پلە دوویی و ژێردەستەیی و بێ مافی خۆیان دەردەبرن ژمارەی ژنانی سووتاو تەنها لە شاری هەولێرو دەوروبەری لە ماوەی سالێکدا ٢٩٠ ژنە ، ژنانێك کە تەنها لە ناو شاری هەولێر خۆیان خنکاندووە ژمارەیان (٤) کەسە و ئەو ژنانەی خۆیان بە فیشەك کوشتووە ژمارەیان (٨)کەسە ئەو ژنانەی کە تیرۆر کراون لە لایەن کەس و کاریان ژمارەیان (٢٠ ) کەسە ئەمانە تەنها ئەوانەی بەپێ ئەو ئامارەی بە دەست رێکخراوەکەمان گەیشتووە جگە لەو ژنانەی تیرۆر کراون ناویان لە هیچ سجلێکی نەخۆشخانەکان تۆمارنەکراوە و جیا لەو ژنانەی بەدزی تیرۆر کراون و نێژراون کەواتە کۆی ژنانی سووتاو کوژراو لەشاری هەولێرلەسالێکدا ٣٢٢ ژنە ئەی دەبیت ئاماری سەرجەم توندو تیژی و سووتان و کوژرانی ژنان لەسالێکدا لەسەرتاسەری کوردستان دەبێت چەند بێت ؟ تۆ بلی هەموو ئەو توندو تیژی‌یەی بەرامبەر بە ژنان دەکرێت موچرکێکی راتەکاندن دەسەتدارانی کوردستان نەگرێتەوە ، ئەو سێبەرە ترسناکە بەدی نەکەن خەریکە رۆژ دوای رۆژ ژمارەیەکی زیاتر لە ژنان لوول دەدات وبەرەو ئاقاری مەرگ دەبات • بۆیە ئێمە وەك رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەدیلی قانونی ئەحوال شەخسیمان خستە بەر دەستەلاتداران کە ئەویش قانونی یەکسانی ژن و پیاوە لە ناوەندی هاوبەشیش بەدیلی ناوەند پیشکەش بە دەسەلاتداران کراوە.

0

### دەسەڵاتدارانی کوردستان:

## ماڵەکانتان بۆتە حەشارگەی بکوژانی ژنان!



**ناسك احمد**

دووساڵ لەمەوبەر (مهابادعبداللە) فەرمانبەر لە دائیرەی ئاوو کارەبای سلێمانی لەکردەوەیەکی تیرۆریستانەو مافیاییدا رفێنراو،دوای سێ رۆژ لاشەکەی بەشێوێنراوی لەیەکێك لە کەلاوەکانی شاری سلێمانی‌دا دۆزرایەوە!. ئەمساڵیش واتە رۆژی ٢٠٠١/١٠/١٣ دوو خوشکی مهاباد (ناسك عبداللەحسێن‌و جوان عبداللەحسێن) لەکاتێکدا لای کارەباکەی سلێمانی سواری تەکسی‌دەبن، هەردووکیان دەرفێنرێن‌وبێ هۆش دەکرێن، دوای تێپەربوونی چەند سەعاتێك (ناسك) لای بەنزینخانەی نزیك گەراجی بەغدا فرێ دەدەن‌و پاشان دوای ٣ رۆژ یش واتە ٢٠٠١/١٠/١٦ (جوان) بەکوژراوی لەنزیك گوندی (قولەرەسی) نزیك کانە بەردەکانی سەرچنار فرێ دەدەن!.

ئەوکات‌و تا ئێستاش مەسئولیەتی ئەنجام دانی کوشتنی(مهاباد) بەکۆمەڵێك دەلیلی ئاشکرا خرایە ئەستۆی کادرێکی ناسراوی یەکێتی نیشتیمانی بەناوی (سالە موزەلی) . ئێمە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان‌و باقی رێکخراوەکانی تری ژنان وێرای مەحکوم کردنی ئەم تاوانە وەحشیانەیە، هەرچی لەوکاتەدا لەدەستمان هات بۆ بە سزا گەیاندانی ئەنجام دەرانی ئەو تاوانە کردمان. بەم شێوەیە یەکێتی نیشتیمانی لەژێر فشارێکی گەورەی جەماوەری‌و بزووتنەوەی ژناندا ناچار بوو(سالە موزەلی) زیندانی بکات ، بەڵام دوای ماوەیەك ئازاد کرا!. بەڵام ئێمە لەسەر کاری خۆمان بەردەوام بووین. ئەم پێ داگریەی ئێمە وای کرد کە (سالە موزەلی) بێتە بارەگای کۆمیتەی رابەری رێکخراوی کوردستانی ئێمەو بلێ:(دادگا منی ئازاد کردووە،بەڵام ئێوەو رێکخراوەکانی ژنان من ئازاد ناکەن) ولەگەڵ هەندێك قسەی هەرەشە ئامێزی تردا!. ئەی ئەمرۆ بۆ(ناسك‌وجوان) چی بکەین؟!

بۆل٢

## نامەی نارەزایەتی دکتۆر محمد کمال دژی تیرۆری ژنان لە کوردستان

**بەرێز سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان**
**جەلال تاڵەبانی**
**بەرێز سەرۆکی وەزیرانی حکومەتی هەرێم**
**دکتۆر بەرهەم صالح**
**بەرێزان:**

مەبەست لە رزگار کردنی گەل راونانی لە شکری دوژمن و گۆرینی ئاڵاو رەنگ و رواڵەتی سەرکردەکان نی‌یە. رزگاری واتەیەکی قوڵتری هەیە کە زۆربەی

سیاسەتمەدارەکانمان تێی نەگەیشتوون. لەوکاتەوە حکومەتی هەرێم لە ژێر بارودوخێکی رامیاری ناوچەکەدا لە باشوری کوردستان دامەزراوە، مرۆڤی کورد پڕ بەدڵ دەیویست ئەو حکومەتە بەرابەری ئێوەی بەرێز کەخۆتان لەلایەن دەسەلاتمەدارەکەی دیکە بەپێشکەوتوخوازتر دادەنێن، گۆرانکاری ئابووری وکۆمەلایەتی بهێنێتە گۆرێ ومافەکانی مرۆڤ مسۆگەر بکات و بەرگری لەچینی کرێکارو جوتیارو ئافرەتانی کوردستان بکات.

بۆل٢

## چالاکی‌یەکانی رێکخراو

*رۆژی ٩/٣ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی باڵای رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەشداری کۆرێکی کرد کە لەفزیۆنی هەرێم بە یارمەتی رێکخراوی unceif کۆرێکی لە هوتێلی چوار چرا سازی‌کرد سەبارەت بە پەرەردەو فێرکردنی مندالان.

*رۆژی ٩/٤ ساکار ئەحمەد لە رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و دایکی ئامێز و تانیا لە کۆمەلەی ئافرەتان بە یاوەری ناوەندی هاوبەش کۆرێکیان لە شارۆچکەی رواندز ساز کرد، ساکار ئەحمەد لە سەر پرۆژەی بەدیلی قانونی ئەحوال شەخسی قسەو باسی کرد شایانی باسە کۆرەکە دوو سەعاتی خایاندو بە سەرکەوتوویی کۆتایی هات .

*رۆژی ٩/١١ وەفدێکی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەسەر پەرشتی ساکار ئەحمەدکە پێك هاتبوون لە شیلان و ئاڤان ئەندامانی رێکخراو سەردانی رێکخراوی npa یان لەشاری‌سۆران کرد شایانی باسە دانیشتنەکە دوو سەعاتی خایاند قسە باس لەسەر کارو چالاکی رێکخراو کرا.

١- *رۆژی ١٠/٢٢ ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ئافرەتانی شاری هەولێر سەردانی ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنانی شاری سلێمانی کرد. لە ئەنجامی کۆبوونەوەی چرو پری هەردوو ناوەندا چەند هەنگاوێکی عەمەلی بۆ هاوئاهەنگی کاری هەردوولا خرانە دەستوری کارەوە کە گرنگترینیان بەستنی کۆنفراسێك بوولە ئایندەیەکی نزیکدا بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی هاوبەش و سەرتاسەری کاری ناوەندی هاوبەش.

*رۆژی ١١/١ ساکار ئەحمەد بە یاوەری ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ئافرەتان سەردانی شارۆچکەی کۆیەیان کرد بۆ بەشداریکردن لە کردنەوەی رێورەسمی سێ یەمین کۆنفراسی یەکێتی ژنانی دیموکراتی کوردستانی ئێران بروسکەی پیرۆزبایی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەلایەن ساکار ئەحمەد خوێندرایەوە .

بۆل٢

# جەنگی ناموسپەرستی!

## محسن کریم

ڕۆژی ١١-١٢-٢٠٠١ ساوایەکی تازە لە دایك بوو لە گەڕەکی ڕاپەرینی شاری ڕانیە بە سەربڕاوی دۆزرایەوە!!هەر هەمان ڕۆژیش لە دەشتی چوارقورنە تەرمی ژنێك بەناوی "گیابەند عبداللـە"وە کەپێش ٤٠ ڕۆژ ، پاش ئەوەی دەستوپێی بەسترابوونەوە، خنکێنرابوو وە فڕێدرابووە ناو بیرێکەوە، دۆزرایەوە! شایانی باسە ئەم ژنە دایکی ٤ منداڵەو بەهۆی ئەوەی تەرمەکەی شێوێنرابوو سەرەتا نەناسرایەوە تا ئەم دواییانە، ئەوە ئاشکرا بووە کە باوكو برای خۆی کوشتویانە!

کوردستانی عێراق لە چەند ساڵی رابردوودا بووەتە مەیدانێکی کوشتنی ژنان بەبیانووی ناموسپەرستییەوە، ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کە لە ماوەی ئەم دە ساڵەی رابردوودا چەند هەزار ژن تیرۆر کراون و هەزارانی دیکەش ناچار بە خۆسوتاندن کراون ! بەڵام ناموسپەرستی و بیروبۆچونو سونەت و یاسای کۆنەپەرستانەی پیاو سالاریو ئیلهام وەرگرتوو لە شەرعی ئیسلامییەوە دامێنی ئەم جەنگەی فراوانتر کردۆتەوە. چەقۆی ناموس و ئەخلاقپەرستی ماوەیەکە جەستەو گەردەنی ناسکی ساواکانیش لەتو پەت دەکات! چەند مانگ لەمەوپێش لە شارۆچکەی دەربەندیخان کۆرپەیەك ئەنجن ئەنجن کرا و ئێستاش لە شارۆچکەی ڕانیە ساوایەك وەکو کارژۆلە سەر دەبڕن!! چ وەحشیگەرییەکە!؟ ژنان لەسەر سەرەتاییترین مەسەلەی شەخسی خۆیان شەلاڵی خوێن دەکرێن!؟ پەیوەندی جنسی ئاشکراو نهێنی بۆ پیاوان مایەی شانازییە، بەڵام بۆ ژنان بە قیمەتی لەدەستدانی گیانیان تەواو دەبێ!! لەمەش دڕندانەتر بوونەوەرێك کەبەپێی هەموو پێوانەیەك هیچ نەخشێکی نییە لەو پەیوەندیەدا، بەوشێوە وەحشیانەیە بکوژرێ! ئایا بەراستی ئاژەڵە دڕندەکانیش ئاوا مامەڵەی هاوجنسەکانی خۆیان دەکەن! ئەو تاوانەی ڕۆژی ١١-١٢ و هەموو فایلی جەنگی ناموسپەرستی لە کوردستان، تەنها ئەوە نیشان دەدات کە پیاوسالاری و ناموسپەرستی و یاساو عورفێك کە ئینسانەکان لەسەر ئەم جۆرە تاوانانە پەروەردە دەکات و پاکانەشی دەکات، چەندە قێزەون و دڕندانەو دژی ئینسانییە!

کێ ئەم تاوانەی پێ تەحەمول دەکرێ!؟ کام ویژدان!؟ کام بەهاو پێوانەی کۆمەڵایەتی!؟کام عورف و یاسا!؟ بێجگە لەوانەی کە وەکو ئەو تاوانبارانەی ئەو کارەیان ئەنجام داوە، بیردەکەنەوە!؟

پێویستە بەر بەم وەحشیەتە بگرین. پێویستە هەر ئینسانێکی ئازادیخواز، هەر لایەن و ڕێکخراوێك کە ئیدیعای ئینسانیەت ورزگاریومافەکانی ئینسان ئەکات، نەیەڵێت ئەم تاوانە بێ لێپرسینەوە لە یاساکان، عورفو بەها کۆنەپەرستو پیاوسالارەکان و تاوانبارانی ئەم کردەوە دڕندانەیە تێپەڕێت! دەبێ بۆ پارێزگاری لە بەها ئینسانیەکانی خۆمان دەنگ هەڵبڕین!! دەبێ ئەو یاساو عورفو سونەتانەی کە هێزو کەرەستەی ئەم جەنگەی پێك هێناوە، تێك بشکێنین!!

0

# لاجان بۆ خۆی سوتاند ؟!

**(چەند بەشێک لە بەیاننامەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان ڕۆژی ٢٥-١٢-٢٠٠١.)**

**جەماوەری ئازادیخوازی کوردستان !**

**حزب و لایەنە سیاسییەکان !**

لاجان ئەکرم عەباس خەلکی گەرەکی مەلایانی شاری هەولێرە ماوەیەکە بە تۆمەتی لەشفرۆشی بێ ئیجازە لە زیندانی (احداس) بەند کراوە ..... لاجان لە ژێر فشارێکی زۆر گەورەدا دەبێت مان لە خواردن دەگرێت هەتا ڕۆژی ١٢/٢١ دەبەیەك نەوتی دەست دەکەویت ئاگر لەجەستەی خۆی بەردەدات دوای دوو ڕۆژ گیان لە دەست دەدات.بیگومان خۆسووتاندنی لاجان و سووتانی سەدان ژنی تر لە کونجی ماڵەکان لە ئەنجامی نائومیدی نامۆبوونە بەم ژیانە ژێردەستەیی وجەنجاڵە و یاسای ژەنگاوی و کۆنەپەرستی سەدەکانی ناوەراست کە هەتا ئێستا دەستەلاتداران وەك مقەدەسترین و ئینسانیترین یاسا بۆ کۆیلەکردنی ژنان دەستیان پێوە گرتووە ....

**ڕێکخراوەکانی ئینسانیخوازو مافی مرۆڤ !**

ژنانی بەندیخانەکان بەگشتی و بەندیخانەی (احداس) بەتایبەتی لە ژێر ترسناکترین فشاردا ژیان بەسەر دەبەن .... فریای چەندین لاجانی تر بکەون پێش ئەوەی جەستەی شیرینیان بکەنە خۆلەمێش !

**ژنانی ستەمکێش و بێ ماف!**

خۆسووتاندنی ئێوە ڕێگا چارە نییە بۆ حەل بوونی کێشەکانتان دەنگی نەفرەت و نارەزایەتی هەڵبرن دژی ئەو دەسەلاتەی پارێزەری ژێردەستەیی ژنانە ، دلنیابن ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان پشت و پەنای ئێوەیە لە پارێزگاری ژیان و گیانتان و بەدەسهێنانی مافتان .

# پاشماوەی نامەی دکتۆر محمد کمال

نزیکەی دە ساڵە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ مرۆڤی کورد نائومێدتر دەبێت و مافی کرێکارو جوتیارو ئافرەتیش لەجاران زیاتر پێشێل دەکرێت و هەزارەها لاو ڕوو لە وولاتانی بێگانە دەکەنو ئێمەش لە هەندەران هێدی هێدی دەگەینە ئەو باوەڕەی (مەنفا) مان خۆش بوێت.

لێرەدا من نامەوێ ئاماژەی هەموو برینەکانی مرۆڤی کورد بکەم کەباسکردنیان داستانێکی بێکۆتاییە، بەڵام نارەزایی خۆم بەرامبەر پەرەسەندنی کەلتوری ئاینیو ئاغاگەریو پیاوسالاری دەردەبڕم کەئێوەی دەسەلاتدار تێنەکۆشاون بەری بگرنو زەمینە بۆ گۆڕانکاریەکان خۆش بکەن. پەرەسەندنی ئەم کەلتورە هۆکاری چەوساندنەوەو ڕەشەکوژی ئافرەتانە بەناوی ناموسپەرستنو دامەزراندنی بەهای ئاینیو پیاوسالاری .

کوردستان لەژێر ئاڵای حکومەتی هەرێمدا وکەلتوری کۆنەپەرستانە بووە بە قەسابخانەیەکی شەرعی بۆ ئافرەتو ڕۆژانە هەواڵی کوشتنی چەندەها ئافرەتمان پێ دەگات.. تەنانەت پیاوانی سەر بەم کەلتورە بۆگەنە هێندە حکومەتەکەی ئێوە بە دڵسۆزی خۆیان دادەنێن لە وولاتانی ئەوروپاوە کچەکانیان بۆ کوشتن دەبەنەوە کوردستان و بەدەستی خوێناویەوە لە ژێر سایەی یاساو دەستوری ئێوەدا دەحەسێنەوە.

ئەمجارەیان سێ خوشك ( مهاباد وناسك وجوان) لە شاری سلێمانی پایتەختی حکومەتی هەرێمدا، کەوتنە بەر دەمی چەقۆی کولی ئەم کەلتورە کۆنەپەرستەو تاوانە گلاوە.

بەریزان ، ئاگادارتان دەکەمەوە کە ئەم جۆرە تراجیدیایە لەو ڕۆژەوە ئێوە دەسەلاتتان گرتۆتە دەست بەرەو زیادکردن چووە. ئەگەر سیاسەتمەدارەکانمان هەولێك بۆ گۆڕینی ئەو کەلتورە نەدەن و بکوژەکان بە سزای خۆیان نەگەیەنن و ئەم قەسابخانەیە دانەخەن ، کۆمەڵگای کوردەواری بۆ ئافرەتان وهەمووکەسانو لایەنە پێشکەوتوخوازەکان دەبێت بە دۆزەخو خەباتی ئێوەش لەناو لاپەڕە ڕەشەکانی مێژوودا تۆمار دەکرێت.

**دکتۆر محمد کەمال**

**زانکۆی مالبۆرن _ئوستralیا**

# پاشماوەی ... چالاکییەکانی ڕێکخراو

*ڕۆژی ١٢/١٢ کەنالی تەلەفزیونی ٢ی فنلەندا گفتوگۆیەکی لەگەل ناسك ئەحمەد سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان سازدا سەبارەت بە وەزع و جێگاو ڕێگای ژنان لە خۆرهەلاتی ناوەراست بەگشتی و کوردستانی عیراق بەتایبەتی .

*ڕۆژی ١٢/١٤ ڕۆژنامەی هلسنکی سانومات کە گەورەترین ڕۆژنامەی فنلندەیە چاوپێکەوتنێکی لەگەل ناسك ئەحمەد سازدا سەبارەت بە ئیسلامی سیاسی و پەیوەند بە مەسەلەکانی ژنان لە کوردستانی عیراق. هەر هەمان ڕۆژی ١٢/١٤ ڕێکخراوی فنلندەی حزبی کومونیستی کرێکاری عیراق سمینارێکی بۆ ناسك ئەحمەد سەبارەت بە ژنان و ئیسلامی سیاسی ڕێکخست چەندین کەسایەتی ئازادیخوازو کوردو فنلندی ورۆژنامەنووس و نوێنەری خاچی سووری نێو دەولەتی ئامادەی سمینارەکە ببوون هاوکات سمینارەکە ترجمە دەکرایە سەر زمانی فنلندی هەر هەمان ڕۆژ ڕۆژنامەی دیمەری گفتوگۆیەکی لەگەل ناسك ئەحمەد سازدا

*ڕۆژی١١/٢٩ ناسك ئەحمەد سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە بارەگای سکرتاریەتی حزبی سوسیال دیموکرات لەشاری بیرن لەگەل کاسپەر سوپر بەرپرسی کاروباری نێونەتەوەیی حزبی ناوبراو کۆبۆوە. لەم کۆبونەوەدا باس لە ڕووداوی ٩/١١ و ئاکامەکانی وکێشمەکێشی هەردوولاکرا و ڕێگا چارەی مەسەلەی ئەفغانستان و فەلەستین ولابردنی گەمارۆی ئابووری سەر عیراق کرا.

*ڕۆژی ١١/٢٨ ناسك ئەحمەد سکرتێری ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لەگەل هیربرت تورکیندن سکرتێری حزبی سەوزی سویسری و بارمان ئەندامی پەرلەمانی سویسری وئەندامی کۆمیسیونی کاروباری دەروەی سویسرا لە کۆشکی پەرلەمانی سویسرا کۆبۆوە.

*ڕۆژی ١١/٢٦ ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەردانی بارەگای یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستانیان کرد لە دانیشتنەکەدا قسەو باس لە سەر ئەو ڕێگریانەی لە بەردەم کاروچالاکی ناوەند هاتۆتە پێش کرا.

*ڕۆژی ١٢/٩ ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان سەردانی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی کوردستانی کرد قسەو باس لەسەر کارو چالاکی ناوەند و ئاستەنگەکانی بەردەم ناوەند کرا.

# پاشماوەی... دەسەلاتدارانی کوردستان

.هەر بەتەنیا لەرێ و ڕەسمی بەخاك سپاردنەکەیدا برۆینو هەوڵ بدەین گڵ کۆیەکی لەپەنای (مهاباد)ەوە بۆ پەیدا بکەین؟!،ئەی بکوژی (جوان) کێیە ؟! هەر هستریای سالە موزەلیە هێشتا نەنیشتۆتەوە؟!.تۆ بلێی (ناسك ) کەگیانی دەرباز بووە لەنێو ئەم هەموو شەقاوە دەسلاتدارە چەکدارەدا جورئەتی شناسایی کردنی تاوانبارانی هەبێت؟!. تۆبلێی (ناسك)و خێزانەکەی ئومێدیان بە تەنیا دادپەروەرێك هەبێت کەشکایەتو دەردی دڵیانی بۆ بەرن؟!.نەخێر ئەوان باوەریان نەکرد بۆیە سەرباری ئەم کۆستە گەورەیە ناچاربوون شاری سلێمانی بەجێ بهێڵنو ڕوو بکەنەچارەنووسێکی نادیار!!.

( ناسكوجوان ) وەك چەندین هەزار ژنی قوربانی تر، قوربانیو کوژراوی دەستی ئەم هەڵوێستو بێ دەنگیو دەستخۆشانانەی دەسەلاتدارانو دادگاکانن بۆبکوژانوچەقۆکێشان لەدژی ژنان.

ئەم ڕووداوە دڵتەزێنە قسەیەکی سکرتێری یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی وەبیر هێنامەوە، کەلە ٨ی مارسی ١٩٩٩ دا لەهۆڵی ڕۆشنبیری سلێمانی لەبەردەم خەڵکی کوردستاندا کردی،(جەلال تاڵەبانی) ئەو ساڵە لەژێر فشارونارەزایەتیوتوورەیی توندی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا لە لێشاوی کوشتنی ژنانوبێ دەنگی دەسەلاتداران،بەتایبەتی وەختێك ئێمە سەنتەری پارێزگاری ژنانمان پێك هێنابووو گیانی ژنانمان لەتیرۆرومەرگ دەپاراست،هاتو ووتی:هەر ژنێك هەرەشەی کوشتنی لەسەرە بابێت من لەماڵەکەی خۆمدا حەشاری دەدەم!!.با جارێ لەوە گەرێین، کە ئەمە قسەی کەسێکە کەلەناو

←

# ژنانی هەڵهاتووی پەناگەی ئارام خۆیان گەیاندە خانەی ئەمنی سەنتەری پارێزگاری ژنان

**ئە نجومەنی بالاو پەناگەی ئارام بەناو خانەی ئەمنن بۆ ژنانی هەرەشە لێکراو کە سەر بە یەکێتی ژنانی کوردستانە سەر بە حزبی دەسەلاتدارە هەر ئەم حزبەیە پاریزگاری قانونی کۆنە پەرست و قانونی ئەحوال شەخسی رژێمی بەعسە لە چوار چێوەی ئەم قانونە ژنان بە ژێردەستەیی بێمافی راگراون. لەسەرەتای مانگی ٩ دوو کەیسی یەکێتی ژنانی کوردستان لە پەناگەی ئارام رایان کرد پەیوەندیان بە سەنتەری پاریزگاری ژنان لەشاری هەولێر کرد هەتا ئێستا کەیسەکان لە خانەی ئەمنی سەنتەرجێگیرن یەکسانی بە پێویست زانی چاوپێکەوتنیك لەگەلیان ساز بدا هەتا لەزمانی خۆیان ئازارو معاناتی ژنانی جێگیری ناو سەنتەر ببیستن .**

پ/ دەتوانی خۆت بناسێنی لەکەیەوە پەیوەندیت بە ئەنجومەنی بالای یەکێتی ژنان کردووە

و/ ناوم پ، ع تەمەنم ١٧ سالە لە ٤/١٦ / ٢٠٠١بەهۆی یەکێتی ژنانی رانیە پەیوەندیم بە ئەنجومەنی بالای یەکێتی ژنان کرد

پ/ لەئەنجومەنی بالا هەلسوکەوت ومامەلەیان لەگەلتان چۆن بوو ؟

لەئنجومەنی بالا مامەلەیان لەگەلمان باش نەبوو هیچ کاتێك وەك خۆیان سەیریان نەدەکردین لەبەردەمان باحسەکان دەیانووت ئێمەو ئیوە نابینە یەك ئەگەر ئێوە باش بوونایە واتان لە خۆتان نەدەکرد بۆ ئێرە نەدەهاتن! بەلام جارێك بەدوای کێشەکەمەو بۆحەلکردنی هات و چۆیان کرد بەلام محامەیەکە ووتی حەل نابێت و لیٚ بیٚ تاقەت بووین بەتایبەتی باحسەکان لەگەلمان زۆر خراپ بوون جارێکیان مەرزیەی گۆرانی بێژ لە دەرەوەی وولات گەرابۆوە سەردانی کردین رەسمی جەماعیەمان گرت منسش زۆر حەزم دەکرد رەسمی بەتەنیا لەگەل بگرم داوام لە سەیوان خان کرد کە رەسمی بە تەنیا لەگەل دەگرم ئەویش رێگای پێدام و رەسمەکەم لەگەل مەرزیەگرت بەلام دوای باحسەکەم قسەی زۆر ناشیرینی پیٚ ووتم زۆر سووکایەتی پیٚ کردم وویستی لێم بدات منیش بەسەر دیواری ئەنجومەنی بالا پازمدا رامکرد پێشمەرگەیەك بە دوامدا هات گەراندیمەوە بەلام کاتی گلەیم لەلای سەیوان خان لە سکرتاریەتی ژنان کرد، سەیوان خان وەلامی دامەوە ووتی چی تیایە وەك خوشکت وایە، ئەگەر کەس و کارمان بهاتبایە لامان بە ئارەزووی خۆیان رێگایان پێدەداین بیابینین ، من براکەم چەند جارێك هات بۆ لام رێگایان پیٚ نەدەدام براکەم ببینم ٠ ئەوەندە رەفتاریان لەگەلمان خراپ بوو رۆژ نەبوو کەسێك یان دووان رانەکات ئەوەبوو سەیوان خان هات ووتی هەر کەسیٚ هەولبدات رابکات یان رابکات بگەرێنینەوە ئەوا شامپۆو سانتی لیٚ قەدەغە دەکرێت و پیٚ نادرێت ، ئێمە هیچ دەسەلاتێکمان نەبوو کەسمان شك نەدەبرد پەنای بۆ بەرین جاربەجار هەولمان دەدا شوێنی سەنتەری پارێزگاری ژنان بزانین بەلام پێیان دەووتین تەنها لە شقلاوەن ئێمەش تەئکید نەبووین دەترساین رابکەین نەتاندۆزینەوە لە شەقامەکان تووش هەلەیەکی تر ببین بەلام زۆر لە مامەلەیان بێزار بووین بی ئومێد بووم لە حەلبوونی کیشەکەم هەر چەند زۆر هەولمان دەدا رابکەین بەلام پێشمەرگەکان پیاندەزانی ئاشکرا دەبووین بۆیە دواجار من و سۆزان و هێرۆ بریارماندا هەر چۆنێك بێت رابکەین و رزگارمان بێت لە پەناگەی ئارام بۆیە بەیانی سەعات ٦ بە سەر دیوارێکی بەرز پازمان دا لە ئاکامدا قۆل و دەستمان هەمووی بریندار بوو، هاتینە گەراجی هەولێر لە هەولێریش ئێوەمان دۆزیەوە

پ/ ئێستا وەزعتان لە سەنتەر چۆنە هیوای چ دەخوازن ؟ وەزعمان لە سەنتەر زۆر باشە مامەلەی زۆر ئینسانیمان لەگەل دەکەن ، جیاوازی نێوان ئێوەو ئەوان زۆر زۆرە بەلام وەزعیماددیمان باش نیـیە تەلەفزیۆن و سەتەلایتمان نیـیە ئێمە دەزانین وەزعی ماددی سەنتەر باش نیـیە بەلام گرنگ ئەوەیە مامەلەی ئینسانیمان لەگەل دەکەن ، هیوا خوازم زوو کیشەکەم حەل بیت لەم چوار دیوارە رزگارم بێت چەند جارێك داوام کردووە کە بمکەن بە ئەندامی خۆتان بەلام دەلێن نابێت کەی تەمەننت گەیشتە ١٨ سالی ئەکات دەبیت بە ئەندام منیش چاوەریٚ ١٨ سالیمە ٠

ه. ر لەوەلامدا دەلێت من کاتی خۆی کەیسی سەنتەری پارێزگاری ژنان بووم بەلام لە ٢٠٠٠/٧/٢١ سەنتەر لە لایەن یەکێتی نیشتمانی دەستی بەسەردا گیراو کەل و پەلی ناوی تالان کرا ئێمەشیان برد بۆ سەنتەری نەوا بەلام سەنتەری نەوا وەرینەگرتین ووتی ئەمانە هەرەشەی کوشتنی لەسەرە لەدوایدا راپێچی ئاسایش کراین ماوەیەك لە ئاسایش ماینەوە لە دوایدا ئێمەیان برد بۆ ئەنجومەنی بالای یەکێتی ژنان هەلس و کەوت و مامەلەیان لەگەلمان زۆر خراپ بوو ئەوان تەنها ٣ کەیسیان هەبوو ئەوانی تر هەمووی کەیسی سەنتەری پاریزگاری ژنان بوو بە کەیسەکانی خۆیان دەوت لەگەلیان تێکەلاو مەبن و دامەنیشن ، بەلام زۆریان لە کەیسی خۆشیان دەدات جارێکیان کچێك بە ناوی سارا زۆریان لێداو نەیدەهێشت سەیری تەلەفزیون بکات بەهانەی جۆراو جۆری پیٚ دەگرت ئیمە هەموومان دلمان پیٚ سووتا داوامان لە باحسەکە کردناوی مامۆستا نەورۆز بووکە دەستی لێهەلگرێت بەلام زۆر قسەی تاشیرینی بە ئێمە ووت سارا هەرلێدەپارایەوە( توخوا لێم مەدەکەسم نیـیە دایکم و باوکم نەماون ٠ )باحسەکان بە گشتی سووکایەتی بە هەموومان دەکرد بانگیان دەکردین بە پیٚ جۆری کەیسەکان بۆ نموونە بە کەژالیان دەووت لووت برا ئەوانی تریش هەریەکە بە شیوەیەك ئەوەبوو رۆژێك باحسەکە زۆری لێداین بیانووی جۆراو جۆریان پی دەگرتین داوامان لێکردن رێگامان بدەن ئەنجومەنی بالا بە جی دەهیلین بەلام داواکەمانی رەفزکردەوە شیلان ووتی ئەگەر رێگام پی نەدەن ئەوا خۆم دەکوژم یان نەوت دەخۆمەوە هەر ئەوەندەمان زانی ئاسایش هات ئێمەیان برد لە رێگا پێشمەرگەکان زۆر سووکایەتیان پیٚ دەکردین و قسەی ناشیرینیان پیٚ دەووتین دەیووت ئیمە لە چاکەی خۆمان هیچتان لی ناکەین بەلام رێگامان پێدراوە بە ئارەزووی خۆمان لە گەلتان بین بۆ ماوەی دوو مانگ شەش رۆژ لە ناو سجن بەند کراین پیان ئەووتین ئیوە لە ئەنجومەنی بالا باسی کۆمەنیست دەکەن.بەلام شیلان رەقم تەلەفۆنی دلخوازی بەریوەبەری سەنتەر نەوا لەلابوو تەلەفۆنی بۆ دلخواز کردپاش ماوەیەك دلخواز و روناك فەرەج هاتن رەسمیان گرتین و مقابەلەیان کردین و پارەیان پێداوین ، ووتیان چۆن گلاویژ جەباری ئاوای پێکردوون ؟ ئەوەبوو دلخواز شیلانی بۆ سەنتەری نەوا برد دوای ماوەیەك منیشیان بۆ سەنتەری نەوا برد ماوەیەکی زۆر مامەوە دوای ئیمەیان بۆ لانەی ئارام برد هەشت مانگ لە لانەی ئارام مامەوە بەلام هیچ کاتێك مرتاح نەبووم مامەلە و رەفتاریان لەگەلمان باش نەبوو،رۆژان کە بەیانی لە خەو هەلدەستاین دووکەس یان زیاتر رایان کردبوو بۆیە ئیمەش بریارماندا رابکەین بە سەر دیوارێکی زۆر بەرز پازماندا دەست و قۆلمان هەمووی بریندار بوو هاتینە گەراجی هەولێر دوای ئیوەمان دوزیەوە

پ/ ئیستا وەزعتان لە سەنتەری پارێزگاری ژنان چۆنە؟

من زۆر سوپاستان دەکەم کە هەست ناکەم غەریبم لە ئێوە مامەلەی زۆر ئینسانیمان لەگەل دەکەن بەلام پێداویستیمان زۆر پێدەوێت وەك تەلەفزیون و سەتەلایت و ٠٠ مان نیـیە ٠ هیواخوازم زوو کێشەکەم حەل بێت و رزگارم بێت لەم چوار دیوارە.

0

---

چەیەکی دیاری کراوی کوردستانداخۆی پیٚ رەئیسی حکومەتێکەو تەواوی قانوونەکانی ئەو ناوچەیەی بەدەستەو رۆژانە بەبەهانەی سەرپێچی لەقانوون خەلٚکی دادگایی دەکات!!.بەلاٚم ئەوقسەیە بۆ سانیەیەکیش بزووتنەوەی ئێمەوژنانی خۆشخەیالٚ نەکرد، چونکە ئەگەر قامیشەلاٚنەکەی (شێرکۆبێکەس)یشمان لەبیر چوبێتەوە کە لەسالٚەکانی هەشتاکاندا بۆ کوروکچە لاوێکی ووت،کاتێك پەنایان بۆسەرکردایەتی یەکێتی لەسەرگەلٚو هێنا کەئەو کات ئەو ناوچەنەیان بەدەستەوە بوو کەچیدلٚی کەسوکاری عەشایەری هەردوولایان پیٚ نەشکاوسەرئەنجام تەسلیمیان کردنەوەو هەرلەوێدا گوللە باران کران!!، هەردوو رۆژ دوای ئەوە هەوالٚی کوشتنی دوو ژن شاری سلێمانی هەژاند!،(صوبیحەنادر) کەلەبەریتانیاوە گەرابووەوە بۆ کوردستان تیرۆر کراوبکوژەکەی ئازادکرا!.ئەم قوربانیانە تەنیا چەند نموونەیەکی کەمن لەوهەزاران ژنەی کەچەقۆی ناموسپەرستیوئیسلامی لەچەند سالٚی رابرددودا لەژێر دەسەلاٚتی ئەحزابی دەسەلاٚتداری کوردیدا لەخوێن هەلٚکێشراونوتاوانبارانیان ئازادن!. بۆیەئەمرۆ من بەسکرتێری یەکێتی نیشتیمانی دەلٚێم: هەقە ئێوە جەرائەتتان ببێت روو بەژنانوخەلٚکی کوردستان رابوەستنو بەصراحەتەوە پێیان بلٚێن: هەرکەسێك تاوانی کوشتنی ژنێکی لەئەستۆیە، بابێت لەمالٚەکەی خۆمدا حەشاری دەدەم!!، چونکە بەراستی ئێوە چەندین سالٚە لەکوردستانی عێراقدا بکوژانوتاوانبارانی دژ بەژن حەشار دەدەنو دەیانپارێزن، ئێوە بەقانوونویاساتان، بەدادگاودەسەلاٚتی میلیشیاتان، بەهێرشتان بۆ سەر بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژنان، بەداخستنی سەنتەری پارێزگاری ژنانورێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەزەبری چەك، بە بەرز کردنەوەی شکاتنامەو هێرشتان بۆ سەر ئەو حزبەی کەداوای یەکسانی ژنانوپیاوان و هەلٚوەشانەوەی قانوونی کۆنەپەرستی بەعس دەکات، بەدۆستایەتیوشەریك کردنی تیرۆریستانی ئیسلامیو دوژمنانی ژنانو ئازادیخوازی، بە بەرگری کردنتان لەئیسلاموچاوسور کردنەوەو شکاندنی قەلٚەمەکانی ئەو ئینسانانەی کەرەخنە لەئیسلامو ئیسلامیزم دەگرن،تەناتەت لەنێو ریزەکانی خۆشتاند!، کوشتنو تیرۆروتووندو تیژی دژی ژنانتان پەرەپیٚ داوە،بەم کارانەتان ئێوە سەرچاوەیەکی ماددیومەعنەوی،راستەوخۆوناراستە وخۆی قەسابی کردنی ژنانن لەکوردستانی عێراقدا. من نازانم ئێوە بەکەسوکارو هاورێیانودۆستانی قوربانیانی(ئاوایی حمە) دەلٚێن چیوچیان جواب دەدەنەوە،لەکاتێکدا خەریکی بەندوبەستن لەگەلٚ ئەو چەقۆکێشانەدا ؟!.ئەوانە هێشتا خوێنی دەستیان ووشك نەبۆتەوە !

خەلٚکینە ،ئازادیخوازان ، ئینسان دۆستان ،ئەم تاوانە درێژەی کارەساتەکەی (ئاوایی حمە)یە!،ئەو سەدان هەزار ئینسانەی کەلەدژی کارەساتی (ئاوایی حمە) رژانە نێو شەقامو جادەکانی شارو شارۆچکەکانی کوردستان، بۆ ئەوە هاتن نەفرەتو نارەزایەتی قوولٚیان لەدژی کۆنەپەرستیو تیرۆریزمو ئیسلامیزمو قانوونو فەرهەنگی دەسەلاٚتی یەکێتیو پارتی کەجێگای تیرۆریزمی ئیسلامی تێدا دەبێتەوە،دەربرن!.ئەم تاوانە ئاو لەو بناوانە دەخواتەوە کەرێکەوتنی یەکێتی و دەستەوتاقمی تیرۆریستی ئیسلامی لەسەر سەوز بووە!.ئەم تاوانە لەژێر مێزەری فتوای وەزارەتی ئەوقافو کاروباری ئیسلامی دەسەلاتەکەی یەکێتیوپارتیو یەکگرتووی ئیسلامی موعتەدیلو میوانی موحتەرەمو هەمیشەیی دیوەخانو چەقۆ وەشێنە عافوات بۆ دەرکراوەکەی (جندالاسلام)ەوە هاتۆتە دەریٚ.من (مهابادو ناسكو جوان)و هەزاران ژنی لەخوێندا هەلٚکێشراویترلە قوربانیانی (ئاواییحمە) جیا ناکەمەوە.نارەحەتی خەلٚکیش بۆ ئەم کارەساتە نیشانەی هەمان بیر کردنەوەودرك کردنی هەمان راستیە.من لەوە دلٚنیام ئەگەر کوشتنوسوتاندنوسەربرینی هەزاران ژن لەکوردستاندا نەبوایە زۆر زەحمەت بوو کارەساتی (ئاوایی حمە) روویدات .

رۆژگار دێتو دەروات ،من لەسەر ئەوە یەقینم ئەو رۆژەی کە دادگایەکی عادیلانەی خەلٚکی بۆ هەموو ئەو ئینسان کوژانەو هاوکارانیان دادەمەزریٚ دوور نیە،بەربەریەتو وەحشیگەریو ژیانی پر لەئەسارەت بەبالاٚی خەلٚکی کوردستان نەبراوەو میراتیەك نیە بۆیان مابێتەوەوکۆتاییەکی هەیە.ئەگەر تالٚەبانیوباقی سەرکردایەتی حیزبەکەی پێیان وایە دەتوانن خەلٚکی بەوە قانع بکەن کەتەحەمولی ژیان لەسایەی ئەم قانوونو وەحشیگەرییەدا بکەن، ئاو لەئاواندا دەکوتن.بەراستی ئازادیخوازانو ئینسان دۆستانی نێو ریزەکانی یەکێتی یان دەبیٚ بەوە رازی بن جبە بکرێتە بەریانو عەمامە بکرێتە سەریانو تەحەمولی پێکەوە ژیان لەگەلٚ بکوژانی مهابادوناسكوجوانو قوربانیانی( ئاوایی حمە)دا بکەنو پشت بکەنە خواستی سەدان هەزار کەس لەخەلٚکی کوردستان.یان ئەوەتا فکرێك بۆ چارەنووسی خۆیان بکەنەوە.ئێمە لەسەر ریشەکێش کردنو ووشك کردنی ئەم زۆنگاوە لیخنەی تیرۆرو کۆنەپەرستی ئیسلامی سوورینو لەسەر تاوانبارانی ئەم تاوانانە مودەعین.ئایندە بۆ بەرەی رادیکالیزمو دامەزراندنی دنیایەکی ئازادو یەکسانو خۆشگوزەران دەبێت،سبەینیٚ هی ئێمەیە.

0

# هەواڵەکانی توندو تیژی لە دژی ژنان

* ئاریان عزیز تەمەنی ١٧ ساله خەلکی گوندی شیروانی شاری هەولێره لە ١١/٤ لەلایەن براکانی لێدەدرێت و لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت دوای سێ ڕۆژ گیان لە دەست دەدەن .

* بەسێ خورشید تەمەنی ٤٥ ساله خەلکه گەرەکی خانزادی شاری هەولێره خاوەنی شەش منداله لە ١١/٧ هەوێ یەکەی شەرێکی بۆ دەنێتەوە لەلایەن هاوسەرەکەشی زۆری لێدەدرێت لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنیت و دوای چوار ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* نەزیره هەیاس تەمەنی ٢٧ ساله ئاوارەنە لە کسنەزان دادەنیشین سێ مندالی هەیە ١١/٨ هاوسەرەکەی زۆری لێدەدات و ئیهانەو سووکایەتی زۆری پێ دەکات ئەوەیش هیچ شوێنێك شك نابات پەنای بۆ بەرێت لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت دوای پێنج ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* ڕۆژیدە بایز تەمەنی ١٤ ساله خەلکی حاجی ناوچەی ئومەرانە سەر بە شاری هەولێر لە ١٢ /١١ خۆی دەسووتێنێت دوای سێ ڕۆژ گیان لە دەشت دەدات . هەتا هۆی خۆ سووتانەکەی نەزانراوە .

* شەیما جەلیل تەمەنی ١٧ ساله دۆمن لە کۆمەلگای بنەسلاوەی سەر بەشاری هەولێر دادەنیشن لە ١١/١٣ لەلایەن خیزانەکەیەوە ئیهانەو سووکایەتی زۆری پێدەکرێت لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت دوای چوار ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* فرمێسك سالح تەمەنی ١٨ ساله خەلکی شارۆچکەی هەریری شاری هەولێره ڕۆژی ١١/١٤ لەلایەن خیزانەکەی زۆری لێدەدرێت لە سەعات ١٠ی بەیانی خۆی دەسووتێنێت دوای پێنج ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* عاسیه محیالدین تەمەنی ٢٢ ساله خەلکی گەرەکی تەیراوەی شاری هەولێره تەنها یەك کچی هەیە ڕۆژی ١١/١٤ شووبراکەی زۆری لیدەدات و ئیهانەو سووکایەتی زۆری پێدەکات لە ئاکامدا عاسیه لە ژیان بێزار دەبێت خۆی دەسووتێنێت دوای ٨ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* ڤیان صدیق ،ح تەمەنی ١٨ ساله

خەلکی گولانی شاری هەولێره ڕۆژی ١١/٢٠ لە لایەن هاوسەرەکەی زۆری لیدەدرێت لە ئاکامدا خۆی ددەسووتێنێت دوای ٧ڕۆژ ململانێ لەگەل مەرگدا گیانی لە دەست دەدات .

* قانعە عەلی ،ح تەمەنی ٢٥ ساله خەلکی مصیف صلاح الدینی سەر بە شاری هەولێره لە شەوی ١٢/٣ لەلایەن هاوسەرەکەی زۆر ئیهانە و سووکایەتی پێدەکرێت و لێدەدرێت لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت دوای ڕۆژێك گیان لە دەست دەدات .

* گیابەند عبداللە تەمەنی ٢١ ساله خاوەن ٣مندالە باوکی ژن بەژنی بۆ خۆی پێدەکات بەهۆی بەردەوامی لێدان و ئیهانەو سووکایەتی هاوسەرەکەی گیابەند لە هاوسەرەکەی جیا دەبێتەوە لە ناوەراستی مانگی ١١ باوکی لە دووری کیلۆمەترێك لە چوار قورنە بە پەتێکی ئەستور دەست و قاچی دەبەستێت و دووبلوکیشی بەولاو بەملایپەتەکە دەنووسێنێت بە زیندوویی فرێی دەداتە ناو بیری ئاو دوای ٤٠ ڕۆژ تەرمەکەی لەلایەن چەند شوانێك دەدۆزرێتەوە .

* ژینۆ ئەحمەد لە "پەناگەی ئارام"ی سەر بە یەکێتی ژنانی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە خواردنی (٣٠) دەنك حەب هەوڵی خۆکوشتنی داوە .

* بەناز ئەحمەد تەمەنی ١٨ ساله خەلکی ناوچەی خەلیفانی سەر بە شاری هەولێره لە ١٢/٣ خۆی دەسووتێنێت دوای ٥ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* ئەدیبە محەمەد تەمەنی ٣٠ ساله خەلکی شاری هەولێره لە ١٢/١ خۆی دەسووتێنێت دوای چوار ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* ساوین خەلکی گەرەکی صلاح الدینی شاری هەولێره بە ئەسل شێخن و کۆیین لە ١٢/١٣ دایکی زۆر مامەلەی ناشیرین و ئیهانەو سووکایەتی پێدەکات لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت دوای چوار ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

* لاجان ئەکرەم خەلکی رواندز ، لەگەرەکی مەلایانی شاری هەولێردادەنیشن ڕۆژی ١٢/٢١ لە ناو سجنی ئەحداس خۆی دەسووتێنێت دوای دوو ڕۆژ گیان لە دەست دەدات .

0

# چالاکیەکانی هەڵسوڕاوانی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە دەرەوەی وولات

## *پێکهێنانی کومیتەی دیفاع لە ژنانی پەنابەر لە شاری وان لە تورکیا

ڕۆژی ١١–١٠–٢٠٠١ چەند هەڵسوڕاوی ڕێکخراو بە هاوکاری چەند هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی و ئەفغانی بۆ بەرگریکردن لە مافەکانی ژنانی پەنابەر لە شاری (وان)ی تورکیا کۆمیتەیەکیان پێك هێنا. لە ئامانجەکانیان:

* (UNHCR) کەیسی هەڵاواردنی جنسی لەسەر ژنان وەك هەر کەیسێکیتر وەرگرێتو لە زووترین کاتدا وەڵامی موسبتیان پی بدات.

*وەرگرتنی ئەو ژنانەی کە تەنیان لە شیلتەرەی ریکخراوی (ئاسام) داینا‌وەو مەسرفی کردنیان لەلایەن (UN)وە.

*مقابلە کردن لەگەڵ ڕۆژنامە وگۆڤارەکان وقسەکردن لەسەر وەزعی ژنانی پەنابەر.

*دانی وەرقەی دکتور بە هەموو ژنان ومناڵانی پەنابەر بە بێ ڕەچاوکردنی وەزعی پەروەدەی ئەوان.

## *کۆمیتەی دیفاع لە ژنانی عێراق لەتورکیا

نەجیبە کریم و ئەمەل عوسمان لە مانگەکانی تشرینی دووەم و کانونی یەکەمی رابردوواد سەردانی چەندین ڕێکخراوی ژنان و مافیمرۆڤیان لە تورکیا کرد و سەبارەت بە پشتیوانی ئەو ڕێکخراوانە بۆ ژنانی پەنابەری عێراقی لەتورکیا قسەو باسیان لەگەڵ کردن، کە ئاکامی ئەو چاوپێکەوتنانە بەوە گەیشت ئەو ڕێکخراوانە پشتیوانی لە کێشەی ئەو ژنانەبکەن و فشار بۆ حکومەتیتورکی و un بهێنن بۆ ئەم مەبەستە. هەر لەو پەیوەندەدا سەردانی بەپرسی کاروباری ژنانیان لە un کرد و ڕەخنەیان لە بێدەربەستی ئەو ڕێکخراوە بەرامبەر بە ژنانی پەنابەرا و مناڵەکانیان وژیان و ئایندەیان گرت و هەروەها ڕەخنەیان لەوە گرت کە مافی (ڕاندۆ)ی کۆمیتەیدیفاعیان وەرگرتۆتەوە.. ئاکامی ئەو دانیشتانەش گێڕانەوەی (ڕاندۆ)ی کۆمیتەو بەڵێندان بووبۆ چاوخشاندنەوەبە کەیسی ژنانیپەنابەردا.

## بەسوپاسەوە کۆمەکەکانتان بەدەست گەیشت

*(٦٥٠) دینار کۆمەکی بڵاوکراوەی دنیای مندالان

*(١٠٠٠)دینار کۆمەکی ڕێکخراوی کوردستانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق

*(٥٠٠) دینار کۆمەکی هاوڕێ ئەکرم محمد لە کەنەدا

*(٥٠٠)دینار +(٣٠) پاوەند کۆمەکی هاوڕییان پرشنگ و بەیان لە بریتانیا

*(٣٠٠)$ کۆمەکی کەمپینی نیۆنەتەوەیی بۆ داکۆکی لە مافەکانی ژنانی کوردستان،

## پانێلی گۆڤاری ریفراندۆم لە هەولێر و سلێمانی

ڕۆژانی ١٠ و ٢٠ ی ئەم مانگە گۆڤاری ریفراندۆم کە سەرنوسەرەکەی ئاسۆ کەمالەو لە بەریتانیا دەردەچێ، دوو مێزگردی سەبارەت بە باردودۆخی سیاسی کوردستان دوای (١١)ی سێپتێمبەر بۆ کۆمەڵێك کەسایەتی سیاسی و ڕۆشنبیری کوردستانی عێراق سازدا. شایانی باسە ئامادەبووان بەپرسیارو سەرنجەکانیان بەشداری مێزگردەکەیان کرد. لەم مێزگردانەدا نوێنەرانی حیزبە عێراقی و کوردستانیەکانی سەرنجە سیاسەیکانیخۆیان خستە روو.

**بەکارهێنانی توندوتیژی و کوشتنی ژنان تاوانێکی گەورەیەو ئە نجامدەرانی دەبێ روبەڕووی قورسترین سزای یاسایی ببنەوە!**

**دەسەڵاتداران ئەرکیانە کە بکوژانی ژنان دەستگیرو لە دادگایەکی ئاشکرادا دادگاییان بکەن!**

**جگە لەسەروتار هەموو ئەو بابەتانەی کە بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانەو ( یەکسانی ) لێی بەرپرسیار**

یەکسانی
بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان
سەرنووسەر: ساکار ئەحمەد
yaksanyn@yahoo.com fax: 004415014217261